# نەوتی باوەگوڕگوڕ، هۆکاری بنچینەیی عارەباندنی کەرکووکە

رۆماننووس: عەبدوڵلا سەڕاج، فنلاند

دەسپێک

ئەم نووسینە،، لەسێ بەش: دەسپێک، شایەتییەکانم و پێشنیازەکان پێکدێ (*). لە نواوە دەڵێم: لەوەتی کورد هەیە، زمان، بووەتە ناسنامە و قەڵخانی مانەوەی نیشتمانەکەی. چاکیش وایە بێژم: ئەم نووسینە گشتییە، چۆنکە ئەز کارناس و کارامەی ئەم بوارەنیم، لێ تەنیا هەست و ئینتیباع و سۆز و شایەتیی راستگۆیی راستەوخۆی نووسەرێکە، کە بە چاوی خۆی دیویە و لەگەڵ وەیشوومە و جەزرەبەکانیدا گوزەراندوویەتی. دەشێ بڵێم: کارەئەنجامی ئەو عارەباندنە ناڕەوایە، دەرهەق بە زێد و کەرکووکم، هانیدام، قەڵەم بکەمەکار و داکۆکی لە جێنشینی باب و باپیرانم بکەم، کە ببێتە بەڵگەنامەی مرۆڤایەتی و جاڕدانی مافی مرۆڤ.

بەڵگەنەویستە کە کەرکووک، مەزنەشاری دێرینی کوردستانە و بەر لە هەشت هەزار ساڵ بەناوی "ئارابخا" وە، شوێنەواری ژیاری و نیشتەجێی هەمیشەیی تێدابووە، لێرەدا تەنیا ئاماژە بۆ دێرۆکی "گۆتی" یەکان و "نوزی" دەکەم، هەروەها قەڵاتەکەی ئەزرگەی "دانیال"ی پێغەمبەر و سێ هەڤاڵەکەی، بڕوانە لە قامووس ئیعلامی ترکی و هتد.

لە بنەڕەتدا هێنانەکایەی «پرۆژەی ئاودێریی حەویجە» نەخشە و پیلانێکی داڕێژراوی رەگەزپەرستانەی سەردەمی شایەتی بوو، بۆ گەمارۆدانی نێوچەنەوتییەکان، وەکو: "نەفتخانەی خانەقین" "بای حەسەن" و "جەمبووری" "گەرمیان" و "زۆرگەزراو" ی قەراج و "حەمام ئەلعەلیل"ی مووسل. لە ساڵی ١٩٣٦ دا، گوندی "مەلحە"ی سەرزێی بچووک کە (٦٥کم) لە باکووری کەرکووک هەڵکەوتووە، کرابووە "ناحیە" (شارەدێ و نێوەندی ئیداری گوندەکانی دەوروبەری)، کەچی لەسەرژمێریی ١٩٥٧ دا، نێوەندی ناحیەکە گوێزرایەوە بۆ "حەویجە". بەوەش وازیان نەهێنا، بەڵکو لەساڵی ١٩٦٥ دا، ئامارێکی بەپەلە و ناتەواوکراو، ئەڵبەتە لەو بارودۆخەدا، کورد سەرقاڵی شۆڕشی ئەیلوول بوو، شارەدێی حەویجە کرا بە "قضا" (شارۆچکە)، بۆ جێگیرکردن و سەپاندنی هەر ئەو نەخشە نگریسەکەی سەردەمی پاشایەتی، بۆئەوەی زەوینە خۆشبکەن بۆ بنبڕکردنی کوردی کەرکووک و دەڤەرەکانی خۆلگەی.

بەم کارە گەندەڵەشیان، هەڕەشەی راستەوخۆیان ئاراستەی شوناسنامە نەتەوایەتییەکەی کەرکووک کرد. زەوی و زارێکی بە شاندە سەرخێڵە عارەبە رەوەندەکانی "العبيد" و "الجبور" و ... هەرچی پێداویستی ژیان و رۆزی و گوزەرانی کشت وکاڵیی بوو، دەستەبەر کرد بۆیان، لەوانە کەرستە و ئامێری نوێی کێلان و چاندن، پرۆژەی گەورەی بەخێوکردنی پەلەوەر و مەڕ و ئاژەڵ و ... رەز و میوە و باخ و بێستان. لەساڵی ١٩٧٧ دا، نێوەندی شارەدێی "العباسيە"یەی لکاند بە "حەویجە" وە، پاش دەرکردنی کوردەکانی "چەخماخی". بەڕێوەبردنی ئەو پیلانە، نەک تەنیا کەرکووک، بەڵکو بەرەنجامەکەی خانەقین و مەندەلی و سەعدییە و شنگار و شێخان و زمار و مەخموور و قەراج و کەندیناوا و دێیەگەشی گرتەوە. هەرچەندە ئەم پیلانە لەسەرویەندی پاشایەتیدا بە نهێنی و هێدی بوو، بەتایبەتیی لەساڵی ١٩٢٧ دا، کە نەوت لە باوەگوڕگوڕ دۆزرایەوە و بیریان هەڵکەند، ئەوا لەسەردەمی گەواڵەڕەشی عەفلەقییەکاندا، تەشەنەی سەند و پێی نایە دۆخێکی سامناکەوە.

بەپێی پرۆژەی قۆناخ بە قۆناخ، لە ١٩٦٣ وە سووربوون لە پێڕەوکردن و دامەزراندنی عەرەبی نێوەند و باشوور لە جێگەی کورد و تورکمان.

لە ٢٩ / ١ / ١٩٧٦ دا، پێبەند بە بڕیاری ژمارە "٤١"، شارۆچکەی "کفری" یان لە کەرکووک دابڕی و لکاندیان بە "دیالە" وە، هەروەها شارۆچکەی "چەمچەماڵ" یان خستەسەر سلێمانی و شارۆچکەی "دوزخورماتوو"ش خرایەسەر تازەپارێزگەی "سەلاحەدین" (تکریت) ەوە. هەروەها بەپێی بڕیاری ژمارە (٣٩١)ی ٢٠ / ١ / ١٩٨١، سەتان خێزانیان نامۆی خوارووی عێراق کرد.